# بەڕێوەبردن و بەڕێوەبردن لە دامودەزگاکانی حکومەت لە کوردستان

ئاسو حامدی

## سەرەتا

سەرکردە زاناکان پێش ئەوەی ڕووداوەکان ڕووبدەن گەل ووشیار دەکەنەوە لە ڕوودانی، کۆمەلگای کوردستان غەریبی ئەم سەرکردانە دەکات، یاخود هەر نەیبینووە و نایبینی....
گرنگترین مەسەلە لە دونیای ئەمرۆ داهێنانە، هەموو کەس ئەو شانسەی بەر ناکەوێ.خاڵی وەرچەرخانی کۆمەلگای دواکەوتوو بۆ کۆمەلگای نوێ ڕووداوێکی مەزنە، ئەم ئالوگۆرە دەبێ هەمووان بەشداری تیادا بکەن.خاڵی وەرچەرخان لە کۆمەلگای کوردستان گۆرانی کۆمەلگای مشەخۆرە بۆ کۆمەلگای بەرهەمێن.ئەوکات سەرەتای سیماتەکانی کۆمەلگای شارستانی دەست پێدەکات. بۆ بیناکردنی خانوو هەردەم لە بناغەوە دەست پێدەکرێ..دوای ئەوانی تر بەدوایدادێ تا دوا خالی..هەموو سەفەرێ هەنگاوی سەرەتای پێویستە، بۆ سەفەری دوور هەنگاوی مەزن و هێندێ جار بازدانی دەوێ.کۆمەلگا دەکرێ بە بازدان بەرەو دواو و پێشەوە هەنگاو بنێ، مەبەست لە وەی دواییە..پێش ئەوەی دەست بە بناغەی خانوو بکرێت نەخشەی ئەندازیاری پێویستە، بەرێوەبەران بیناسازی کۆمەلگان.گەشە سەندن و پەرەدان بە بەڕێوەبردن لە هەموو دام ودەزگاکان تەنانەت پارتە سیاسیەکانی کوردستان مەسەلەیەکی حەیاتیە کە هەموویان هەر گەنم بە ڕبەی کۆن دەپیون.هەموو پێویستی بە هەلسووراندنی ئیدارەی زانستی هەیە کە هەم ئابووری گەشەپێبکا هەم بنەمای کۆمەلگایەکی شارستانی دەست پێدەکات.

## وەزعیەتی گشتی

کۆمەلگای کوردستان کۆمەلگایەک نیە بە پرۆسەی ئاسای ئالوگۆرەکانی بنەما کۆمەلایەتی و ئابووری رەت بووبێ..کۆمەلگای کوردستان کۆمەلگایەکە قوربانی داگیرکەرانە.بەرهەمی دەستی ئیدارەی دوژمنانی کۆمەلگایە..بە مانای ووشە ..ئیدارە میراتی ئەم دۆستە بەریزانەیە کە بە خوێنی لاوانی ئەم گەلە تینوو بوون، هەمان پەروەردە یە، هەمان مۆرو فەرمانبەرو مەلەف و.....هتد هتد. لە ژیر ناوی حکومەت لە کوردستان ئیدارە دەستی بەکارەکانی کرد.ئەگەر باس لە قۆناغی تێپەرین و شەری ناوخۆ و کابینەکان بکەین ئەوا دەبێتە حکایەتی مێشی هەر تەواو نابی مەگەر یەشار کەمال بین و باس لە چقوورئاوا بکەین...هەر چۆنی بی وادیارە خەلکی کوردستان دەیەوی رابردووی نزیک لە بیر بکا بەلام باجەکەی جاریکی تریش دەداتەوە، رابردوو زۆر گرنگە بۆ ئێستاو داهاتوو..دەبێ لە هەموو باسێ هەلوەستەیی لەسەر مێژوو بکەین.بۆ ئەوەی لە وەزعە گشتیەکان بگەین، یەکەمجار باس لە گرنگترین گیروگرفتەکانی بەرێوەبردن لە کوردستان دەکەین کە ئەمانەن:

1. گیروگرفتی مێژوویەکان، کە خۆی لە زولمی مێژووی دەگرێتەوە، کە وولاتێک چەندین سەدەیە لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەراندا دەنالێنی، هەر جارێ ئیمپراتۆریەتێک و نەتەوەیەک و ...هتد کۆمەلگای هەلسووراندووە و بەرێوە بردووە.
2. گیروگرفتی ئابووری، ئەم وولاتە هەرگیز ئابووریەکی بەهێزە و سەربەخۆی بە خۆووە نەبینیوە..وابەستەی لە ئابووری تەنانەت هەموو سیماتیکی کۆمەلگای گۆریووە.
3. گیروگرفتی سیاسی کە سەرخانی گرفتە ئابووریەکانە، کۆمەلگای لە کوردستان گۆریووە بە کۆمەلگایەکی سیاسی دینامیکی و گۆراو، رابەران و تەنانەت بۆ تاکێکی کۆمەلیش هەلبەزین و دابەزینی سەیر هەیە لە وەزعیەتی سیاسی، کە وای لە کۆمەلگا کردووە، جۆری لە کۆمەلگایەکی جیا لە کۆمەلگای ئاسای بە دەست بێ لە قۆناغەکانی مۆلەقەو ناجیگیر لە کوردستاندا.

ئەمە گرفتێکی ناوخۆی توندی بە ئاکام هێناوەو دەهینی..

4. گرفتە پەروەردەییەکان، کۆمەلگای کوردستان قوربانی دەستی داگیرکەرانە، پەروەردەی دەستی کۆنەپەرستان و ناسیونالیستی و توندو تیژی و کوشتن و تۆلەسەندنەوەیە..نەوەکان قوربانی دەستی بەرێوەبەران و هەلسورینەرانیکن کە هەردەم لەگەل توندو تیژی و کوشتن و

تۆپ باران دا ژیانیان پڕە لە کارەسات و لەدەست دانی ئازیزانیان..قوربانیانی قوربانیان هەمان پەروەردەی داگیرکەران بەسەر نەوەکانیان زال دەکەن.
5. گرفتە ئەقلیمیەکان و ئەنتەرناسیونالیەکان ئەمانە فاکتەری دەرەکین کە کاریگەری جدی لەسەر هەموو کۆمەلگایەک دادەنێن و گرفتیکن کە هەلسورینەران و بەریوەبەرانی کۆمەلگای کوردستان لە گەلی بەردەوام رووبەروو دەبنەوە. کە بێ تەجرەبەیی و کەمی شارەزای لە دەورانەکانی هەلسووران زۆر جار بە پێچەوانەی شەپۆلەکان مەلە دەکەن..ئەوکات لە ناو ئاو دا لە تێنوویدا دەخنکێن.
بەکورتی گرفتە ناوەکی و دەرەکیەکان بەڕێوەبردنی کۆمەلگای لە کوردستان نە زۆک کردووە، لەگەل هەستکردن بە لێپرسراویەتی بەرامبەر بە کۆمەلگا و هەستکردن بە ئەرکەکان لە بەرامبەر مێژوودا، لەگەل نەخۆشی گیرفان و دەوروبەرو توند و تیژی لەگەل بە بچوک سەیر کردنی تاکەکانی کۆمەلگا ..فەسادو رشوە کە بەرئەنجامی فاکتەرەکانی سەرەوەیە..هێندەیتر هەلسوورانی کۆمەلگای بەرەو دواوە بردووە..

پرسیاری سەرەکی لیرەدا ئەمەیە: هەلسوڕێنەران و بەریوەبەرانی کوردستان بە گۆرانی پرۆسیسەکانی بەڕێوەبردن، بە پیادەکردنی سیستەمیکی ئیداری نوێ خۆی لە مۆدیلی بەریوەبردن ببینێ دەتوانن خاڵی وەرجەرخان لە کۆمەلگا بەدەست بێنن و کۆمەلگای کوردستان لە کۆمەلگایەکی مشەخۆر بۆ کۆمەلگایەکی بەرهەمهێن ببەن و داهاتی نەتەوەیی بەرز بکەنەوەو هاوکات داهاتی تاک لە کوردستان وا بەرز بکاتەوە لە چەشنی داهاتی تاکی وولاتانی رۆژئاوابێ..
خاڵی سەرەکی لە کۆمەلگای بەرهەمهێن دا :
1. کات
2. پارە
3. ئامرازەکان ( هۆیەکانی بەرهەمهینان).
4. هیزی کار
لە دەورانی ئەمرۆدا داهاتی کۆمەلگای کوردستان تواناى بەدیهینانی کۆمەلگایەکی بەرهەمهینی هەیە.
پیادەکردنی مۆدیلەکانی گەشەدان بە چۆنایەتی لە بەرێوەبردندا دەتوانی ئالوگۆریکی جددی لەم ناوچەیە بەرهەم بێنێ..بەنموونە مۆدیلەکانی لە چەشنی بازنەی دێمینگ  کە بریتیە لە پلان ----- جێبەجیکردن ---- تەدقیق کردن ---- شیتەڵکردن
 دەتوانێ سەرەتای بەڕێوەبردن بێت، دواتر مۆدیلەکانی وەکو گرۆسبێ،یوران، فاین باوم،یابانی ئیمای..کە هەموویان لە یەک تەوەرەدا دەسورینەوە لە فرسەتێکی تردا بە درێژی باس لە مۆدیلەکانی چۆنایەتی دەکەین تا خوینەران زانیاری زۆرتریان هەبی.. بەنموونە گرۆسبێ چڕ لەسەر بەکارهێنەران (مستهلک) دەکاتەوە، دەلێ دەبێ کار بە پرۆسەی جۆراوجۆر تێپەر ببێ و دەبێ لەگەل داواکاریەکانی بەکارهێنەران بێتەوە..لە وولاتانی رۆژئاوا دەلێن بەکارهینەران شاهن واتە بریار دەری بەرهەمن.
هەروەها دەکرێ مۆدیلی نوێ بەرهەم بیت بە تێکەهەلکێشانی مۆدیلی بەریوەبردن لە گەل مۆدیلی سیستەمی داتا.. بەنموونە مۆدیلی بازنەی ژیان کە بریتیە لە:
پلان –نەخشەدانان – جێبەجی کردن ---- بە عەمەلیکردنەوە ----هەلسەنگاندن --- دوا ی تەواو بوون کۆنترۆل کردنی کارەکان...
ئەم پرۆسێسانە هەموویان لە شیوەی جۆراو جۆردا لە مۆدێلی جیاجیادا لە پراکتیکدا پیادە دەکرین.
هەموو بەرنامەکانی پێنج سالە کە بەرنامەی لانی کەم بۆ گە شەدان بەکۆمەلگا لەگەل بەرنامەی لانی زۆر کە دە سال و بیست سالە لە کارگە دەولەتیەکان لە وولاتانی رۆژئاوای بەم مۆدیلانە پرۆسەکانیان دەچیتە رێوە..
ئەم باسانە بە چەندین پەرتووک کۆتاییان نایێ، ئەوەی گرنگە لێرەدا کۆمەلگای کوردستان ناتوانێ بە پرۆسەی بەرێوەبردنی داگیرکەران و کۆنەپەرستان کۆمەلگایەکی نوێ بەرهەمهێن بینا بنێ. لە بەرێوەبەرایەتی نوێشدا فەسادی ئیداری و رشوە هەر هەیە، بەلام پەردەپۆشە..کۆمەلگای کوردستان لەم دەورانە شایستەی بەرێوەبەرایەتیەکی چالاک و نوێیە بۆ

وەرچەرخانی لە کۆمەلگایەکی کۆن بۆ کۆمەلگایەکی مۆدێرن و بەرهەمهێن..لەم نیوەدا هەر سەرمایە قازانجی زیاتر دەکا بەلام کارمەندانیش لەم ئالوگۆرەدا ئاستی ژیان و گوزەرانیان بەرز دەبیتەوە کە ناوەرۆکی مەسەلەکانەو نەوەکانیان لە ژیانێکی شارستانیدا پەروەردەدەبن...